ئەنجومەنی وەزیران لە جێبەجێکردنی پرۆژەی نوێی شاری سەدر و چارەسەرکردنی بەربەستەکان

ئەمڕۆ پێنجشەممە، محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیران، ڕێنمایی دا بەپێلەکردن لە جێبەجێکردنی پرۆژەی شاری سەدری نوێ و چارەسەرکردنی بەربەستەکان.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کوتووە بەاویکردووە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، سەرکایەتی کۆبوونەوەی ئاسایی لیژنەی باڵای پرۆژەی شاری سەدری نوێی کرد.

وتیشی لە میانی کۆبوونەوەکەدا تاوتوێی ئەو بابەت و دەسیانە کرا کە لە بەرنامەی کاردا هاتووە، لەوانە پەداچوونەوە بە ڕەکارەکانی لابردنی زیادەوی لە ناوچە دیاریکراوەکان بە دروستکردنی پرۆژەکە و چاودێریکردنی کارە ژێرخانییە بەردەوامەکان کە لەلایەن کەمپانیای جێبەجێکار و ئەمینداریەتی بەغدادەوە ئەنجام دەدرێت.

ڕایشیگەیاند هەر لە کۆبوونەوەکەدا پەداچوونەوە بەو هەنگاو و بڕیارانە کرا کە گیراونەتەبەر بە پشخستنی ئەم پرۆژەیە بەپێی پلان و ستاندارد دامەزراوەکان، بە لەبەرچاوگرتنی گرنگییەکەی لە

چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبوون، بەتایبەتی کە وەک مەدەلێک بۆ پرۆژەکانی نیشتەجێبوون دەبینرێت و لە بەغداد و زەربەی پارێزگاکانی دیکە جێبەجێ دەکرێن.

سەرۆک وەزیران جەختی لە گرنگی بەردەوامیدان بە کارکردن لەسەر پرۆژەکە بە خێرایی کردەوە، سەرجەم دامودەزگاکانی حکومەتی ڕاسپار هەوڵی خێیان بخەنەگەڕ بە چارەسەرکردنی هەر ناکۆکییەک یان کێشەیەک کە ڕووگری لە جێبەجێکردنی پرۆژەکە بکات و ڕووشوێنی پێویست بگرنەبەر بە دەنیابوون لە تەواوبوونی.

هەروەها سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران فەرمانی پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی کرد بە ئەوەی بەدواداچوون بە هەکاری دواکەوتنی دەستەی وەبەرهێنانی نیشتمانی بکات لە پێکهێنانی لیژنەی تەکنیکی و ئەندازیاری تایبەت بە دیاریکردنی تایبەتمەندیی تەکنیکی پرۆژەکە و پەسەندکردنی دیزاینەکان.